کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-4-2007 23:21بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## لەسایەی گەندەلی وبێ یاسایی سەنگەرفرۆشان فەخرەدین تاهیر بریندارەدەکەن وچواردانی دەشکێنن... یوسف مەنتک



لەسالیادی ڕۆژنامەگەری کوردی دا لە جیاتی ڕێزلینان و گوڵبارانکردنی ڕۆژنامەنووسان فەخرەدین تاهیر بریندارەدەکرێو چوواردانی دەشکێنن، سوکایەتی بەڕۆژنامەنووسان دەکرێ لەووڵاتێکدا کەتژیەلە گەندەلی، ئەوانەی دوێنێو پێرێ لەسەنگەری بەعس وئیمڕۆ لە سایەی دە سەڵاتی کوردی بێ یاسادا هەر ڕۆژەی لە سەنگەرێکن، هەر ئێوارە ی لەسەر مێزو خوانی حزب و مەسئولێکن تێروپڕن لەسایەی دزیو فزی بەناوی ئەنجامدانیپڕۆژەی کرچ وکال وبێ مانا، لەسەر حسابی خەلکی ڕەشوڕووتی کوردستان بەملیۆناندۆلار دەدزن، هۆئەوکوڕەی کەلەنادی ئیعلام بەبەر چاوە خۆمەوە بە شەق وپێ لەقە تۆپتۆپێنیان پێ کردی، هەر لە ڕقی ئەوە سەنگەرت گواستەوە وئیمڕۆ بووی بەپالەوان و ڕاپۆرت نووس واتلێهات لەخەلکی هەژارو خاوەن قە لەمی پاک بدەیت! ئە ی با شە بۆ ناچی بە گژ مامۆستا ئیبراهیم حەکیم دا؟، کەسێکی وەک مامۆستا فەخرەدین تاهیر لە بەر دلسۆزی خۆشەویستی بۆ کوردستان وازی لە ژیانی ئەورووپا هێناوە و هاتووە بۆ ئەوەی دژ بە گەندەلی و گەندەلکاران بجەنگێ، هاتووە بۆ ئەوە ی ئەم خەلکە لەم تاریکستانە ڕزگار بکات کە بە ئاشکرا ملێۆنان دۆلار دەدزرێ و خەلکیش لە تاریکی ودەستکورتی دادە ژیت، کە هەزاران ماستاو چی و قە لەم فرۆش ونەفسنزم و سەنگەر دۆڕاو خەونی پێوە دەبینن، ئەو کورتە باڵایانە زۆر لەوە کورتترن بە بەژنو باڵایی بەرزی فەخرەدین دا هەلبشاخێن.

ئەگەر هەردووشاعیرو کەسایەتیناو وەزارەت کەریم دەشتی و سەعدوڵا پەرۆش هەلوێستی خۆیان ئاشکرا نە کەن ئەوە دیارە ئەم کارە ش بەدلی ئەوانە، وەزیری ڕۆشنبیری با باش ئاگادار بێت ئەو دەڵالخانە یە ی ناو بازاڕی هەولێر زۆر لەم وەزارەتی ڕۆشنبیر یە پاکترو بێ گەردترە، ئەوە ی لە ناو وەزارە ت لەسەر حسابی ئەم خەلکە ڕوودەدات لە بۆ گەنترین شوێنی ئەم کوردستانە مە حالە ڕووبدات سباق لە سەر ئەوە یە کێ زۆرترین داهات بە دەست بهێنێ، هیوادارم جەنابی وەزیر خۆی لە نزیکەوە لێکۆلینەوە لەم کارەدا بکات وسەر پێچیکارانیش بدرێنە دادگا وهەقی مامۆستا فخرەدین بەفیڕۆ نە ڕوات، ئەم وەزارە تە پێویستە لە بناغەوە بگۆڕدرێت، تە نها کە سانی پاک ودلسۆزی وەک مامۆستا فخرەدین کاری تیادا بکەن، چونکە ئە م شوێنە شایستە ی هەموو کە سێک نیە، منلێرە وە بانگەواز بۆ سەر جەمگەلی کوردو ڕوناکبیران دە کەم کە مپینەک بە ڕێ خە ن بۆ ئیدانە کردنی ئەم کارە دزێوناشرینە ئەوە چەندین جارە ڕۆژنامە نوسان ڕووبەروی هێرشی ناڕەوادە بنەوە و یاسایە ک نیە داکۆکیان لێبکات.

ئەلمانیا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.